# سەدای زولفت لە ئاوێنەی مردنێکدا

دیارمحمد

چاوەڕوانی شەپۆلی ئاسمانی ڕەشتم
ئەی تۆ
تا لەبەرائەتت تێربم
بە باوەشێ پێکە نینی
بەر کۆشتەوە
گەر بە پاڕانەوەش بێت
ئاورێ لە بەستەڵکی بیابانم بدەرەوە
ئەی تۆ
خەم زەوی ناشت لە نەبونی
هەر چاوەڕێی کۆشی سورتم
لە دلۆپێ ئاوی بێ شەرمدا
بم خنکێنی
تا چیدی تۆفانی غم لە من
نە کا
تاچیدی نەبمە ئەو باوکە
بێ بەزییەی چاو لە بێچویە کی
یەك رۆژە زیت ئەکاتەوە
بە بێ ئەوەی دەنوکیان داچەقاندبێ
لە تۆ
بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ژێر باڵی دایکێکی
تربکات
ئەی تۆ فرمێسکم لە ئێوەدا

دەگری وجەژنیش پرسە

لەبونما دەگێڕێ

جەژنێك بە هەموو منالە بێ نازەکانی شارمەوە

جەژنێك بەبێ بونی لایلایەی

شەوانی دایکێك

ئەمەوێت لەتۆدا بڕژێم

بە گەردونێکی ڕەش پۆشدا

ئەی تۆ

ئەم شەو وەرە دڵنەوای لەتێك

جگەری خۆت بەرەوە

کەیاسای سەرپۆشی

کچێکت تیادادڕند

ئەی تۆ

ئەی تۆ